# لينين

## شۆڕشى سۆسياليستى و

### مافى ميللەتان لە دياريكردنى چارەنووسى خۆياندا



وەرگێڕانى/ سالار ڕەشيد

## ســـــەرنجێك

خوێنەرانى هێژا...

ئەم باسەى بەردەستان, يەكێكە لە باسە بنەڕەتييەكانى "لينين", سەبارەت بە كێشەى ميللى و ڕوانگە و سياسەتى كۆمۆنيستى لەمەڕ ئەو كێشەيە, لەچوارچێوەى ئەو هەلومەرجە مێژووييە دياريكراوە, لە كێشمەكێشى چينايەتى و تێكۆشانى كرێكارانى جيهاندا.

بەڵام پاش تێپەڕبوونى نۆ دەيە بەسەر ئەم باسەدا, وە پاش ئەوەى خەبات لە دژى فيئۆدالى, چ بەهۆى بزووتنەوە ديموكراتيكەكان, وەيان لە ڕێگاى ڕيفۆرمى ئەرزيى بۆرژوا_ ئيمپرياليستييەوە, بەسەرەنجامى خۆى ئەگات, وە پەيوەندييەكانى سەرمايەداريى, لە تەواوى كۆمەڵگاى بەشەرى, خۆى وەك پەيوەندييەكى باو و بڵاو بەسەر بەرهەمهێنانى كۆمەڵايەتيدا ئەسەپێنێ, ئيتر گۆڕانكارييەك لە جێگاوڕێگاى چينەكان و لە بزووتنەوە كۆمەڵايەتييەكان و هەڵوێستيان بەجۆرێك هاتۆتەئاراوە, كە دووبارەكردنەوەى ڕووكەشيانەى ئەو فۆرمولانە, وەڵامدەرەوە نابێت بە كێشە و مەسەلەكانى ئەمرۆمان.

لەڕاستيدا, يەكێك لەو مەسەلانەى كە بۆرژوازى بۆ فريودانى كرێكاران بەكارى هێناوە و ئەهێنێ, مەسەلەى كێشەى ميللى و مافى ميللەتانە لە چارەنووسى خۆياندا, پاش دابراندنى لە هەلومەجە دياريكراوەكەى.

بۆيە پێويستە ئەم مەسەلەيە هەروەكوو لينين لە وەسفى ماركسدا ئيبرازى ئەكات, بەشێوەيەكى ڕەها چاولێنەكەين, وە سەرنجى ئەوەش بدەين, كە ئەم مەسەلەيە لە ڕوانگەى لينين و كۆمۆنيستەكانەوە چۆن وەك سياسەت و تاكتيكێك لە نێو ستراتيژى شۆڕشى سۆسياليستى چاوى لێ كراوە. وە دەبێ ديسانەوە سەرنجى ئەوەش بدەين كە چۆن لينين و كۆمۆنيستەكان لەگەڵ يەكپارچەيى ڕيزى كرێكارانى ميللەتە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جۆربەجۆرەکانن, بە یەکپارچەیی حیزب و ڕێکخراوەیشەوە, وەچۆن مەسەلەی جیابوونەوەی میللەتانیش وەك ئیختیاری ئەخیر و بەناچاری گیراوەتەبەر.

پێویستە ئاماژەیەکیش بەوە بکەین کە ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و وەك ئایدیۆلۆژیایەکی بۆرژوازی, بەهەموو شێوە و شکڵەکانییەوە, لەباری ئابوورییەوە هەڵگری هیچ پەیامێکی تایبەت نییە, وە لەباری سیاسی و عەمەلیشەوە سەدان جار پیشانی داوە, کەنەك هەر شۆڕشگێڕێتی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی نەماوە, بەڵکوو دوژمنی سەرسەختی ئازادی و دیموکراسی و کرێکار و کۆمۆنیزمە. ئەگەر بەشێك لە بۆرژوازی لەسەردەمی لینین و بۆلشەویکەکان بەرامبەر بە فیئۆدالی و ئیمپریالیزم تێکۆشاون و بەرەی کرێکار و کۆمۆنیزمیان بەهێز کردووە, وە بەمە مایەی پشتیوانیلێکردن بووە, ئەوا لە دەورانی ئەمڕۆدا هاوکێشەکە بە تەواوی پێچەوانەیە, ناسیۆنالیزمی چەوساوەترین میللەت لە جیهاندا, خزمەتکار و گزیری دڕندەترین بەشی سەرمایەداریی جیهانییە.

سالار ڕەشید

# شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا

(بابەتەکان)

## 1_ ئیمپریالیزم, سۆسیالیزم و ڕزگارکردنی میللەتانی ستەملێکراو

ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناخی پەرەسەندنی سەرمایەدارییە. سەرمایە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا, چوارچێوەی دەوڵەتی گەلی تێپەڕاندووە و مۆنۆپۆڵ جێگای کێبەرکێی گرتۆتەوە. هەروەها سەرمایە تەواوی پێشمەرجە بابەتییەکان کە بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم پێویستە, زامن کردووە. هەربۆیە مەسەلەی, خەباتی پرۆلیتاریا لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمە سەرمایەدارییەکان و دەستبەسەراگرتنی خاوەندارێتی بۆرژوازی, لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکان, لە دەستوورکاردا دائەنرێ. ئیمپریالیزم پاڵ بە جەماوەرەوە دەنێ بۆ ئەو خەباتە, ناکۆکییە چینایەتییەکان زۆر توندوتیژئەکاتەوە, توندبوونەوەی زیاتری مەترسییەکانی سەر ژیانی خەڵك, چ لەباری ئابوورییەوە_ ترۆستات و گرانی_ وەیان لەباری سیاسییەوە _ تەشەنەسەندنی مەیلی عەسکەرتاریی, خەستبوونەوەی جەنگ, توندبوونەوەی کۆنەپەرستی, بەهێزکردن و تەشەنەپێدانی چەوسانەوەی میللی و تاڵانکردنی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆلۆنەکان. سۆسیالیزمێك کە بە سەرکەوتن گەیشتبێت, ئەبێ وەك پێویستییەك, دیموکراسیەکی تەواو کامڵ فەراهەم بکات, هەروەها ئەبێ, نەك هەربەتەنها یەکسانیی تەواو لەنێوان میللەتان لە ڕووی مافیانەوە بەدیبهێنێت, بەڵکوو ئەبێ مافی میللەتانی چەوساوە و ستەملێکراو لە چارەنووسی خۆیاندا پراکتیزە بکات, ئەمەش یانی مافی ئازادیی جیابوونەوەی سیاسی بۆ میللەتان. ئەگەربێتوو پارتە سۆسیالیستەکان لە ئێستادا, لە سەردەمی شۆڕش و پاش سەرکەوتن, بە تەواوی توانا و چالاکییانەوە, نەیسەلمێنن کە ڕزگارکەری میللەتانی ستەمدیدەن, وە پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنچینەی یەکگرتنی ئازادانە_ئەبێ ئەوەش بڵێین کە, ئازادیی یەکگرتن بەبێ ئازادیی جیابوونەوە, بانگەشەیەکی بۆش و بەتاڵ و بێناوەڕۆکە_ بنیات نەنێن, ئەوا ئەو حیزبانە خیانەت لە سۆسیالیزم ئەکەن.

بێگومان دیموکراسییەتیش شێوەیەکە لە شێوەکانی دەوڵەت, لەگەڵ پوکانەوەی دەوڵەت؛ ئەویش ئەبێ بپووکێتەوە, بەڵام ئەمە ڕوونادات, مەگەر بە گواستنەوەی سۆسیالیزمێکی تەواو سەرکەوتوو و چەسپاو, بۆ کۆمۆنیزمێکی تەواو کامڵ.

## 2_ شۆڕشی سۆسیالیستی و تێکۆشان لەپێناوی دیموکراسییەتدا

شۆڕشی سۆسیالیستی کارێك نییە بەیەك تەکان جێبەجێبکرێت, هەروەها تاکە شەڕێکیش نییە لە یەك مەیداندا, بەڵکوو یەك قۆناخی تەواوە لە تێکهەڵچوونی توندوتیژی چینایەتی, وە زنجیرە جەنگێکی دووروودرێژە لە تێکڕای مەیدانەکان, یانی لە هەموو مەیدانەکانی ئابووری و سیاسیدا, جەنگێك کە تەواوبوونی نییە, مەگەر بە دەستبەسەراگرتنی خاوەندارێتی بۆرژوازی. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە والێکبدرێتەوە کە, خەبات لەپێناوی دیموکراسیدا, ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە پرۆلیتاریا, ڕوو لە شۆڕشی سۆسیالیستی وەربگێڕێ, وەیان ببێتە هۆی کەمڕەنگکردنەوەی ئەم شۆڕشە, وەیان پەردەپۆشکردنی, هتد.. نەخێر, بەڵکوو



مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە. هەروەکوو چۆن بەبێ بەدەستهێنانی دیموکراسی تەواوەتی؛ بە سەرکەوتنگەیاندنی سۆسیالیزم مەحاڵە, بەهەمان شێوە, پرۆلیتاریا ناتوانێت بۆ زاڵبوون بەسەر بۆرژوازیدا ئامادەبێت, ئەگەربێتوو خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی هەمەلایەنە و بەردەوام, ڕاستگۆیانە, لە پێناوی دیموکراسیدا نەگێڕێ.

هەروەها لابردنی بەندێك لە بەندەکانی بەرنامەی دیموکراسی, وەکوو بەندی مافی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا, بە بیانووی ئەوەی؛ بۆ نموونە, گوایە ئەم مافە لە سایەی ئیمپریالیزمدا, (ناکرێ بەدیبهێنرێت) وەیان ((خەیاڵە)), دیسانەوە هەڵەیکی گەورەیە. ئەشێ ئەو قسەیەی کە ئەڵێت؛ مافی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا, ناکرێ لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا بەدیبێت, بە دوو جۆر لێکبدەینەوە, ئەویش یان بە مانا ڕەهاکەی؛ یانی مانا ئابوورییەکەی, وەیان بە مانا تایبەتییەکەی؛ یانی مانا سیاسییەکەی.

بەپێی لێکدانەوەی یەکەم, ئەبینین ئەم قسەیە لەباری تیۆرییەوە هەر لە بناغەوە هەڵەیە, ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە: یەکەم, لەبەرئەوەی بەپێی ئەم لێکدانەوەیە, هەروەك چۆن لە توانادا نییە لەسایەی سەرمایەداریدا دراوی کرێکاری[1] بەدیبهێنرێت, وەیان قەیران لەنێو ببرێت, هتد.. بەهەمان شێوە کە گوایە مافی میللەتانیش لە چارەنووسی خۆیاندا, توانای بەدیهاتنی نییە, ئەمەش بەتەواوی هەڵەیە. دووەم, جیابوونەوەی نەرویج لە سوید لە ساڵی 1905 وەك نموونەیەك, بەتەنها, بەسە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو قسەیە(توانای بەدیهاتنی نییە), بەو مانایەی باسکرا. سێیەم, گەوجێتییە ئەو بیرۆکەیە ڕەتکەینەوە, کە ئەگەر؛ بۆ نموونە, گۆڕانێکی بچووك لە تەرازووی هێزی سیاسی و ستراتیژی نێوان ئینگلتەرا و ئەڵمانیا ڕوویدا, ئەوا پێکهاتنی دەوڵەتی نوێی پۆڵۆنی و هیندی و..هتد., ئەمڕۆ بێت وەیان سبەی, بەتەواوی ((قابیلی جێبەجێبوونە)). چوارەم, سەرمایەی ماڵیی, بەدوای فراوانبوونەوە و دەستبەسەراگرتنی وڵاتانە. ((بە ئازادی و بەبێ بەربەست)) بەرتیل



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به حكومه‌تی دیموكراتی, كۆماری(یا زۆرترین ئازادیشی تێدا دەستەبەركرابێ) و كارمەندانی هەڵبژێرراو لەهەر وڵاتێك, ئەدات و ئەیانكرێ, تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتە ((سەربەخۆ))ش بێت. ناكرێت باڵادەستی سەرمایەی ماڵی, لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕ لە دیموكراسی سیاسیدا لە نێوببرێت, ئیتر ئەو ئاڵوگۆڕە هەر ئاڵوگۆڕێك بێت, هەروەكوو باڵادەستی سەرمایە بە شێوەیەكی گشتی, واتە مافی دیاریكردنی چارەنووس بە تەواوەتی و بە شێوەیەكی دیاریكراو لە هەمان چوارچێوەدایە. بەڵام ئەم باڵادەستییەی سەرمایەی ماڵی, لە گرنگی دیموكراسی سیاسی, بەو پێناسەیەی؛ شێوەیەكە كە زۆرترین ئازادی و شەفافییەت بۆ چەوسانەوەی چینایەتی و تێكۆشانی چینایەتی فەراهەم ئەكات, كەم ناكاتەوە. لەبەرئەوە, هەموو ئەو حوكمانە سەبارەت بەوەی كە خواستێك لە خواستەكانی دیموكراسی سیاسی, لەژێر سایەی سەرمایەداریدا (مەحاڵە بێتەدی), بە مانای (مەحاڵبوون)ی ئابووری, لەدوواشیكردنەوەدا, ئەگەڕێتەوە بۆ نییە)). بەڵام بەهیچ جۆرێك, ئەم قسەیە بەو مانایە نییە, كە سۆسیال_دیموكراتەكان لە خەباتی ڕاستەوخۆ و سەرسەخت, لە پێناوی بەدیهاتنی تێكڕای ئەو خواستانە وازبهێنن_ وازهێنان لەو تێكۆشانەش, جگە لە خزمەتكردنی بۆرژوازی و كۆنەپەرستی, خزمەت بە كەسێكی تر ناكات _ بەڵكوو بە پێچەوانەوە, نووسینەوە و دارشتنی ئەو خواستانە و بەدیهێنانی هەرهەموویان پێویستە, بەڵام نەك بە گیانی ڕیفۆرمیستی؛ بەڵكوو بە گیانی شۆڕشگێڕانە, نەك بە خۆ قەتیسكردن لە چوارچێوەی شەرعییەتی بۆرژوازیی؛ بەڵكوو بە تێكشكاندنی, نەك تەنها بە چالاكی پەرلەمانی و دەربڕینی نارەزایەتی زارەكیی؛ بەڵكوو بە هێنانەمەیدانی جەماوەر بۆ كاری گورج و چالاك, وە بە پەرەپێدان و جۆشدانی خەبات, لە دەوری هەر خواستێكی دیموكراسی سیاسی, هەتا ئەگات بە هەڵمەتی ڕاستەوخۆی پرۆلیتاریا بۆسەر بۆرژوازی, یانی هەتا شۆڕشی سۆسیالیستی و دەستبەسەراگرتنی خاوەندارێتی بۆرژوازی. شۆڕشی سۆسیالیستی, نەك بەتەنها لەژێر كاریگەری مانگرتنێكی گەورە, یان, خۆپیشاندانێكی سەر شەقام, یان,



لێكدانەوەی نادروستی تیۆری, سەبارەت بە پەیوەندی گشتی و بنەڕەتی, لە نێوان سەرمایەداری و دیموكراسی سیاسیدا.

بەڵام بەپێی لێكدانەوەی دووەم, ئەوا ئێمە ئەبینین كە ئەو قسەیە چۆن شاش و ناتەواوە. نەك هەر بەتەنها مافی میللەتان لە دیاریكردنی چارەنووسی خۆیاندا, لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا (قابیلی جێبەجێبوون نییە) , مەگەر بەشێوەیەكی ناتەواو و نوقسان, وە بەشێوەیەكی زۆر دەگمەن ( بۆ نموونە, جیابوونەوەی نەرویج ساڵی 1905 لە سوید), بەڵكوو تێكڕای خواستە بنچینەییەكانی دیموكراسی سیاسیش. بەهەمان شێوە, خواستی ڕزگاری دەسبەجێی كۆڵۆنەكان كە تەواوی سۆسیال_دیموكراتە شۆڕشگێڕەكان بانگەوازی بۆ ئەكەن, لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا, بەبێ زنجیرەیەك لە شۆڕش, دیسانەوە ((قابیلی جێبەجێبوون

بەشێوەییەك بەهۆی برسێتییەوە, یان, یاخیبوونێكی سەربازیی, یان, شۆڕش لە وڵاتێكی كۆڵۆنی, ئەشێ بەرپابێت, بەڵكوو لەژێر كاریگەری هەر قەیرانێكی سیاسیش؛ لە چەشنی مەسەلەی دریفوس[2], وەیان ڕووداوی سافێرن[3], یان لەژێر كاریگەری ڕیفراندۆمێكیش بۆ جیابوونەوەی میللەتێكی چەوساوە و ستەملێكراو, هتد..ئەشێ بەرپابێت.

توندبوونەوەی چەوسانەوەی میللی لەژێر سایەی ئیمپریالیزمدا, وا لە سۆسیال_دیموكراتەكان دەخوازێت, كە نەك هەر دەستبەدەنە ئەو خەباتەی كە بۆرژوازی بە ((خەیاڵیی)) ناوی ئەبات, یانی خەبات بۆ ئازادیی میللەتان لە جیابوونەوەدا, بەڵكوو بە پێچەوانەوە توندبوونەوەی ئەو چەوسانەوەیە وا دەخوازێت, كە ئەو كێشە و تێكهەڵچوونانەی لەم مەیدانەشدا سەرهەڵئەدەن, بەباشی بقۆزنەوە و بۆ دەستدانە كاری جەماوەری و كاری شۆڕشگێڕانەی دژ بە بۆرژوازی بەكاری بهێنن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## 3_ماناى, مافى دياريكردنى چارەنووس و پەيوەندى بە (يەكگرتن)ەوە

مافى ميللەتان لە دياريكردنى چارەنووسى خۆياندا, تەنها بەماناى, مافى ميللەتان بۆ سەربەخۆيى, بە مانا سياسييەكەى دێت, يانى ئازادى جيابوونەوەى سياسى لە ميللەتى سەردەست و چەوسێنەر. ئەم خواستە كە ديموكراسى سياسى بانگەوازى بۆ ئەكات, لەبارى عەمەلييەوە يانى, ئازادى تەواوى تەرويجكردن بۆ جيابوونەوە و چارەسەركردنى جيابوونەوەكە بە پرسوڕاكردن(پرۆسەى ڕيفراندۆم) بەو ميللەتەى كە داواى ئەكات. كەواتە ئەم خواستە لە شێوەى خواستى جيابوونەوە و پارچەپارچەكردن و دامەزراندنى دەوڵەتگەلى بچكۆلە نييە. بەڵكوو بەتەنها گوزارشتكردنێكى ڕاستگۆيانە و گونجاوە لە خەبات, لە دژى هەر چەوسانەوەيەكى ميللى. هەروەها بەو ڕادەيەى كە سيستەمى ديموكراتى وڵاتێك لە وڵاتەكان, نزيكايەتى لەگەڵ ئازادى تەواوەتى جيابوونەوەدا هەبێت, بەو ڕادەيەش ئارەزووى جيابوونەوە كەم و لاواز ئەبێت, ديارە سوود و باشييەكانى وڵاتى گەورە لە ڕووى گەشەى ئابوورى و بەرژەوەندييەكانى جەماوەرەوە, نكۆڵى ناكرێت, بەڵكوو ئەم سوود و باشييانە, لەگەڵ گەشەى سەرمايەداريدا؛ بە بەردەوامى زياد ئەكات. داننان بە مافى دياريكردنى چارەنووس بەماناى داننان بە يەكگرتن(فيدراسيۆن fédération) نييە بە وێنەى پرانسيپێك. بەڵكوو دەكرێ مرۆڤ سەرسەختانە دژى ئەم پرانسيپە بێت و لايەنگرى ناوەندێتى ديموكراسيش بێت, بەڵام ديسان دەتوانێت يەكگرتن بە باشتر بزانێت لەچاو نابەرابەرى نێوان ميللەتان, ئەويش بەومەبەستەى كە تەنها ڕێگايەكبێت بەرەو ناوەندێتى ديموكراسى تەواوەتيت بەرێت. ڕێك لەم ڕوانگەيەوە ماركس, لەگەڵ ئەوەى كە لايەنگرى ناوەندێتيى بوو, يەكگرتنى ئيرلەنداى لەگەڵ ئينگلتەرا پێ باشتر بوو, لەچاو ئەوەى ئينگلتەرا بە زۆر مل بە ئيرلەندا كەچ بكات[4].



ئامانجى سۆسياليزم تەنها لەناوبردنى پارپارچەيى مرۆڤايەتى لە دەوڵەتى بچووك بچوك و گۆشەگيرى ميللەتان لەيەكترى نييە, هەروەها ئامانجى تەنها نزيكخستنەوەى ميللەتان لەيەكترى نييە, بەڵكوو ئامانجى ئاوێتەكردنيانيشە لەگەڵ يەكترى. بۆ گەيشتن بەو ئامانجە, پێويستە, لەلايەكەوە, خەسڵەتى كۆنەپەرستانەى بيروباوەڕى رينەر و باور سەبارەت بەوەى پێى ئەڵێن ((سەربەخۆيى زاتى كولتوورى نەتەوەيى))[5], بۆ جەماوەر ڕوونبكرێتەوە, لەلايەكى تريشەوە ئەبێ داواى ڕزگاركردنى ميللەتانى چەوساوە و ستەملێكراو بكەين, نەك بە شێوەدەربڕينى گشتى و ناڕۆشن, نەك بە ڕاگەياندنى بێمانا, نەك بە ((هەواڵەكردن و سپاردنى)) مەسەلەكە هەتا بنياتنانى سۆسياليزم, بەڵكوو لە بەرنامەيەكى سياسى بە دارڕشتنێكى ڕۆشن و ورد, كە دووڕوويى و ترسنۆكى سۆسياليستەكانى ميللەتانى چەوسێنەر, بە تايبەت, لەبەرچاوبگرێ. هەروەكوو چۆن مرۆڤايەتى ناتوانێت چينەكان هەڵوەشێنێتەوە, تەنها بە تێپەڕين بە قۆناغى گواستنەوەدا نەبێت, كە قۆناغى ديكتاتۆرييەتى چينى چەوساوەيە, بەهەمان شێوە ناتوانێت بە ئاوێتەكردنى ميللەتان بگات تەنها بە تێپەڕين بە قۆناغى گواستنەوە, كە قۆناغى ڕزگارى تەواوەتى گشت ميللەتانى چەوساوەيە, يانى تێپەڕين بە قۆناغێك, كە ئازادى جيابوونەوەى تيا فەراهەم بێت.

## 4_شێوازى پرۆليتێرى شۆڕشگێڕانە بۆ كێشەى مافى ميللەتان لە چارەنووسى خۆياندا

خواستى مافى ميللەتان لە چارەنووسى خۆياندا, تەنهاخواستێك نەبوو؛ كە وردەبۆرژوازى لە ڕابوردوودا, لە سەدەكانى هەڤدە و هەژدەدا, دايڕشتبێ, بەڵكوو ئەوان هەموو بەندەكانى بەرنامەى لانى كەمى ديموكراتيمانيان دارڕشتبوو. وردەبۆرژوازى هەتا ئێستاش, گشت ئەوانە بەشێوەيەكى خەياڵى باس ئەكات, بەبێئەوەى تێكۆشانى



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چینایەتی و تینوتاوەکەی لەژێر سایەی دیموکراتیدا ببینێت, بڕوای بە سەرمایەداری (ئاشتیخواز) هەیە. بەوشێوەیە, ئەوە ڕێك ئەو ڕاگەیاندنە خەیاڵییەیە کە خەڵکی ئەخەڵەتێنیٚ و لایەنگرانی کاوتسکی داکۆکیی لیٚ دەکەن, کە بانگەشەی یەکێتی ئاشتییانەی میللەتەکان بە مافی یەکسانەوە لەژێر سایەی ئیمپریالیزمدا ئەکەن. بەپێچەوانەی ئەو ڕاگەیاندنە خەیاڵییە پوچ و ئاسۆتەنگ و هەلپەرستانەیە, سۆسیال_ دیموکراتەکان ئەبیٚ لە بەرنامەکەیاندا, بیرۆکەی دابەشبوونی میللەتان بۆ میللەتی ستەمکار و چەوسێنەر, وەبۆ میللەتی ستەملێکراو و چەوساوە, دابنێن, وەئەبیٚ ئەم بیرۆکەیە بەوێنەی واقیعێکی بنەڕەتی و جەوهەری تۆخ بکەنەوە, کە بە شێوەیەکی ناچاریی لە سایەی ئیمپریالیزمدا هەیە.

نابێت پرۆلیتاریای میللەتانی بالادەست و ستەمگەر, بەو دەربڕینە گشتی و وشکانە بگێرسێنەوە, کە هەموو بۆرژوازییە ئاشتیخوازەکان, سەبارەت بە دژایەتیکردنی پێوەلکاندن(الحاق) و لایەنگری لە یەکسانی ماف, لە نێو میللەتان بە شێوەیەکی گشتی, ئەیلێنەوە. هەروەها ئەم پرۆلیتاریایە نابێت لە ڕاست کێشەیەك بێدەنگ بێت کە بۆرژوا ئیمپریالیستی بەتایبەت؛ ((هەراسان)) ئەکات, مەبەستمان لەوەش کێشەی سنووری ولاتە, کە لەسەر پایەی چەوسانەوەی میللی ڕاگیراوە. هەروەها ئەم پرۆلیتاریایە نابێت, خەباتیان لە دژی هێشتنەوەی زۆرەملێی میللەتانی ستەملێکراو لە چوارچێوەی ولاتێکی دیاریکراودا, واز لیٚ بهێنن. ئەم خەباتەش یانی, خەبات لەپێناوی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەرکی ئەم پرۆلیتاریایەیە, کە داوای ئازادی جیابوونەوەی سیاسی کۆلۆنەکان و میللەتانێك بکات, کە میللەتەکە(ی) ئەیان چەوسێنیێتەوە و خۆی بەسەریاندا سەپاندووە, ئەگەرنا, ئەنتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتێری, قسەیەکی پوچ و بیٚ کەڵك ئەبیٚ, متمانەکردن ئەبێتە مەحاڵ, ناشێت و ناگونجێت هاوپشتی چینایەتی لەنێوان کرێکارانی میللەتی چەوساوە و ستەملێکراو و میللەتی سەردەست و چەوسێنەر بکرێت, ڕیاکاری داکۆکیکەرە ڕیفۆرمیست و



کاوتسکییەکان لە ئازادیی دیاریکردنی چارەنووس هەر بە شاراوەیی ئەمێنێتەوە, ئەوانە لەبەرانبەر چەوسانەوەی ئەو میللەتانەی لە لایەن میللەتەکان((یان))ەوە, ئەچەوسێنەوە, وە بەئاشکرا بەزەبری هێز لە چوارچێوەی دەوڵەتەکان((یان))دا هێشتوویاننەتەوە, نایەنەدەنگ.

لەلایەکی ترەوە, پێویستە, سۆسیالیستەکانی میللەتانی چەوساوە و ستەملێکراو, داکۆکیی بە تایبەت لە یەکێتی تەواوەتی و ڕەهای نێوان کرێکارانی میللەتی چەوساوە و ستەملێکراو و کرێکارانی میللەتی سەردەست و چەوسێنەر بکەن, وە ئەم یەکێتییە بەجێبگەیەنن؛ بە یەکێتی ڕێکخستنیشەوە. بەبیٚ ئەوە, ئەستەمە داکۆکی لە سیاسەتی پرۆلیتێری, لە سیاسەتی سەربەخۆ و هاوپشتیی چینایەتی لەگەڵ پرۆلیتاریای ولاتانی تر, لەبەرامبەر کەینوبەینی بۆرژوازی, بەهەموو شێوە و شکڵەکانییەوە, وە لەبەرامبەر دەسدرێژی و ڕاووڕووتییەکانی بکردرێت, چونکە بۆرژوازی میللەتانی چەوساوە, هەمیشە دروشمەکانی ڕزگاریی نیشتیمانی, بۆ فریودانی کرێکاران بەکارئەهێنیٚ: لە مەیدانی سیاسەتی ناوخۆیی خۆیدا, کەڵك لەم دروشمانە وەرئەگرێت, بۆ بەستنی پەیماننامەی کۆنەپەرستانە لەگەڵ بۆرژوازی میللەتانی سەردەست (بۆ نموونە, هەروەکوو پۆلۆنییەکان لە نەمسا و ڕوسیادا ئەیکەن, کە لەگەڵ کۆنەپەرستیدا دەست ئەخەنە نێودەستی یەك و بۆ ستەمکردن لە جولەکە و ئۆکرانییەکان ساتوسەودا ئەکەن), وەلە مەیدانی سیاسەتی درەوەشدا, پەیمانی سەوداکاری لەگەڵ ولاتێك لەو ولاتە ئیمپریالیستییانەی کە پێشبڕکێیان لە نێواندایە ئەبەستن, تاوەکوو ئامانجەکانیان لە تالانوبڕۆ, بۆ بچێتە سەر (بۆ نموونە, سیاسەتی ولاتە بچووکەکان لە بەڵقان..هتد.).

هەندێك جار, خەبات لەپێناوی ڕزگاریی نیشتیمانیی لە دژی دەوڵەتێکی ئیمپریالی, لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا, لەلایەن دەوڵەتێکی تری ((گەورە))ەوە, بۆ مەبەستی ئیمپریالیستی بەکار ئەهێنریٚ, بەلام ئەمە ناکاتە ئەوەی سۆسیال_ دیموکراتەکان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆیان هەیە, وە ئەتوانن, واز لە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بهێنن, هەروەکوو نموونەگەلی زۆر هەیە سەبارەت بە کەڵکوەرگرتنی بۆرژوازی, لە دروشمەکانی کۆماریی, بۆ مەبەستی فریودانی سیاسی و تالانوبرۆ, بۆ نموونە, لە وڵاتانی لاتینی, کە دیارە ناکرێ سۆسیال_ دیموکراتەکان والێبکات, ئینکاریی لە خواستی کۆمارییان بکەن*.

## 5_ مارکسیزم و پرۆدۆنیزم لە مەسەلەی گەلاندا

بە پێچەوانەی دیموکراتە وردەبۆرژواکانەوە, بەهیچ جۆرێك مارکس پێی وانەبوو, کە خواستە دیموکراسییەکان, شتێکی ڕەها بێت, ئیتر هەر خواستێکیان بێت بەبێ جیاوازی, بەڵکوو لەو خواستانەدا, تەعبیری مێژوویی خەباتی جەماوەری خەڵکی لە دژی دەرەبەگایەتی بە ڕابەرایەتی بۆرژوازی ئەبینی. هیچ خواستێك لەو خواستانە نییە کە نەکرێت, لە هەندێك هەلومەرجدا, بۆرژوازی بەکاری نەهێنێ وەیان بەکاری ناهێنێ, بۆ فریودانی کرێکار. بەمانایەکی تر, هەر خواستێك لە خواستە

* ئەوەی شایانی باسە, ئەوە بەتەواوەتی گەوجێتییە, کە واز لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بهێنی, بە بیانووی ئەوەی وەك ئەووترێت, لەم مافەوە مەسەلەی ((بەرگری لە نیشتیمان)) هەڵئەهێنجێنرێ. بەهەمان بیانوو, یانی بە بیانوویەکی بێ مانا, سۆسیالیستە_ شۆڤێنییەکان لە ساڵی 1914_1916, هەر خواستێکی دیموکراسی ( بۆ نموونە خواستی کۆماری) و هەر شێوەیەکی خەبات لە دژی ستەمی میللییان خستە لاوە, بە بیانووی (( بەرگریکردن لە نیشتیمان))ەوە. مارکسیزم لە جەنگەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و جەنگەکانی گاریباڵدی لە ئەورووپادا, ڕاست و دروستی دروشمی بەرگری لە نیشتیمانی هەڵهێنجا و دانیپێدانا, وەلە جەنگی ئیمپریالی 1914_1916 دا دژایەتی دروشمی بەرگری لە نیشتیمانی کرد, ئەوەش بە پشتبەستن بەوەی, هەر جەنگێك بەسەربەخۆ و لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراودا, نەك لەسەر بنەمای هیچ (( پرانسیپێکی گشتی)), وەیان لەسەر بنەمای هیچ بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامە, شی ئەکرێتەوە.



دیموکراسییەکان, ئەکرێ لەلایەن بۆرژوازییەوە بەکاربهێنرێ بۆ فریودانی کرێکاران. جیاکردنەوەی خواستێك لە خواستە دیموکراتییە سیاسییەکان, کە لێرەدا مەبەستمان مافی میللەتانە لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا و دژایەتیکردنی ئەم خواستە بە هەموو خواستەکانی تر, ئەوە لە ڕووی تیۆرییەوە, هەر لە بناغەوە هەڵەیە. بەڵام لە ڕاستیدا, پرۆلیتاریا ناتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت, مەگەر بەوەی خەباتی خۆی لە پێناو هەموو خواستە دیموکراسییەکان, بەبێ جیاکردنەوەی خواستی کۆماریی, لەخزمەتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە پێناو ڕوخاندنی بۆرژوازیدا دابنێت. (بەمانایەکی تر, ئەبێ خەبات لە پێناوی خواستە دیموکراتییەکان بەکاربهێنرێ بۆ ڕوخاندنی حکومەتی بۆرژوازی. و. کوردی)

لەلایەکی ترەوە, بە پێچەوانەی پرۆدۆنییەکان کە ((بەناوی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە)), ((ئینکاری)) لە مەسەلەی میللی ئەکەن, ئەبینین کە چۆن مارکس ئەو پرانسیپە بنەڕەتییەی ئەنتەرناسیونالیزم و سۆسیالیزمی لە پێشەوە داناوە کە ئەڵێت, ئەگەر گەلێك, ستەم لە گەلانی تر بکات, ناتوانێت بۆخۆیشی ئازاد بێت[6]. ئەمە لەکاتێکدا کە مارکس, لەپێش هەموو شتێکەوە, بایەخی بە بەرژەوەندیی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەدا. وە بە پشتبەستن بە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری ئەڵمان بەشێوەیەکی دیاریکراو, لە ساڵی 1848 دا مارکس داوای ئەوەی کرد کە دیموکراسیزمی سەرکەوتوو لە ئەڵمانیا, ئازادی میللەتانێك کە ئەڵمانیا ئەیانچەوسێنێتەوە ڕابگەیەنن, وە ئەم ئازادییە بەجێ بهێنرێت. وە بە پشتبەستن بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری ئینگلیز بە دیاریکراوی, لە ساڵی 1869 دا مارکس, داوای جیاکردنەوەی ئیرلەندای کرد لە ئینگلتەرا. وەهەر بەو بۆنەیەوە ئەوەشی زیاد کرد و وتی: ((تەنانەت ئەگەر کار گەیپشتە ئەوەی لە پاش جیابوونەوە دووبارە یەکبگرنەوە))[7]. بە خستنەڕووی ئاوەها خواستێك بەتەنها, مارکس بە فیعلی, کرێکاری ئینگلیز بە گیانی ئەنتەرناسیۆنالیستی گۆش ئەکات. بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەنها بەم شێوەیە, توانی چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەم کێشە مێژووییە بخاتە ڕوو, کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ئۆپۆرتیۆنیست و ڕیفۆرمیستە بۆرژواییەکان ببێتەوە, کە هەتا ئێستا, پاش تێپەڕبوونی نیوسەدە, ((ڕیفۆرمی)) ئیرلەندایان بەجێ نەگەیاندووە. بە تەنها بەم شێوەیە, مارکس ئەیتوانی, بەپێچەوانەی ئەوانەی کە ستاییشی سەرمایە ئەکەن, ئەوانەی هاوارئەکەن و ئەڵێن, ئازادیی میللەتانی بچوك و جیابوونەوەیان خەیاڵە و جێبەجێبوونی مەحاڵە, هەروەها ئەوانەی وا ڕادەگەیەنن کە یەکجێیی و یەکگرتوویی ئابووری و سیاسی, دیسانەوە مۆرکی پێشکەوتنخوازی پێوەیە, _ بە تەنها بەم شێوەیە, مارکس, ئەیتوانی کە داکۆکی لە مۆرکی پێشکەوتنخوازانەی ئەم یەکجێیەتییە بکات, بە ڕێگایەکی تر, جیا لە ڕێگای ئیمپریالیستی, ئەیتوانی داکۆکی لە نزیکبوونەوەی میللەتان لەگەڵ یەکتری بکات, نەك بەزۆری زۆردارەکی, بەڵکوو لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئازادانەی نێوان پرۆلیتاریای تەواوی وڵاتان. بە تەنها بەم شێوەیە, مارکس, ئەیتوانی ڕووبەڕووی ئەو دانپیانانە شکڵیی و زۆر جار بەرژەوەندپەرستانەیە, سەبارەت بە یەکسانی نێوان میللەتان و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان ببێتەوە, بە کاری شۆڕشگێڕانەی جەماوەر, کارێك کە بە چارەسەری کێشەی میللەتانیشەوە پەیوەستە.

جەنگی ئیمپریالیستانە لە ساڵانی 1914_ 1916 و کاریگەرییەك کە ئەم جەنگە هەیبوو لە ئاشکراکردنی تەویلەی ڕیاکاری هەڵپەرستانە و کاوتسکیانەدا, بەوێنەی تەویلەی ئۆگیاس, بەڕۆشنی جەخت لەسەر ڕاست و دروستی ئەم سیاسەتە ئەکاتەوە, کە مارکس گرتییەبەر, کە دەبێت وەك نموونەیەك بەدەستەوە بگیرێ بۆ تەواوی وڵاتانی پێشکەوتوو, کە ئێستا هەریەکێکیان, کۆمەڵێك لە میللەتـــــانی بێیانی, ئەچەوسێنێتەوە *.

* زۆرجار ئەخوێنینەوە, هەروەکوو لەم دواییەدا, ئەوەی شۆڤێنیستی ئەڵمانی لینش, لە هەردوو



## 6_ سێ شێوە وڵاتگەل, لە پەیوەست بە مافی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا

لەم ڕووەوە, پێویستە سێ شێوەی سەرەکی لە وڵاتان, لەیەك جیابکەینەوە.

یەکەم, وڵاتـانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو, لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکان. لەم وڵاتـانەدا, بزووتنەوەی میلیی پێشکەوتنخوازی بۆرژوازی, دەمێکە کۆتایی هاتووە. هەریەکە لەم نەتەوە((گەورانە)), میللەتـانی تر لە وڵاتـانی کۆلۆنی و لە ناوخۆی وڵاتدا ئەچەوسێننەوە. لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی پرۆلیتاریای ئەم نەتەوە باڵادەستانە, هەمان ئەو ئەرکەیە, کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا, پرۆلیتاری ئینگلتەرە, لەبەرامبەر ئیرلەندەدا هەیبوو *

ژمارەی 8 و 9 ی (Die Glocke) (دی گلۆکە)[8] دا بڵاوی کردبۆوە, خوێندمانەوە, کە ئەڵێت, هەڵوێستی سەلبی مارکس لەبەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی هەندێك لە گەلان, وەکوو بزووتنەوەی چیکەکان لە ساڵی 1848 بۆنموونە, پێویستی داننان بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا, لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە ڕەتئەکاتەوە. بەڵام ئەم قسەیە هەڵەیە, چونکە لەوکاتەدا, لەساڵی 1848دا, هۆکارێکی مێژوویی و سیاسی هەبووە بۆئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان میللەتـانی ((کۆنەپەرست)) و میللەتـانی شۆڕشگێڕی دیموکراسی. بێگومان مارکس لەسەرحەق بوو, کە ئیدانەی میللەتـانی یەکەمی ئەکرد و داکۆکی لەوانی تر ئەکرد[9]. مافی دیاریکردنی چارەنووس, خواستێکە لە خواستە دیموکراتیکەکان, لەبەرئەوە نۆرماڵە کە ئەم خواستە مل بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی دیموکراسیزم کەچ بکات و لە خزمەت ئەودا بێت. ئەم بەرژەوەندییە گشتییانەش, لە ساڵی 1848 و ساڵانی دواتر, بەپلەی یەکەم, لە دەوری جەنگین لە دژی قەیسەر بەرجەستە و بەرتەسك ببۆوە.

* لە هەندێك وڵاتی بچووکی وەك هۆڵەندا و سویسرا, کە جەنگی 1914_ 1916 نەیانی گرتەوە, بۆرژوازی دروشمی ((ئازادی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا))ی زۆر بەتوندی بەدەستەوەگرت و وەك بیانوویەك بەکاری هێنا, بۆ بەشداریکردن لە جەنگی ئیمپریالیستیدا. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەیکە پاڵی بە سۆسیال دیموکراتەکانەوە نا, تا لە وڵاتانێکی ئاوەهادا, ئینکاری لە ماقی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دووەم, ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا, یانی نەمسا و بەڵقان, بەتایبەتیش ڕوسیا, لەم وڵاتانەدا, سەدەی بیستەم, گەشەی زۆری بە بزووتنەوە نەتەوەییە بۆرژوا دیموکراتیکەکاندا و خەباتی میللی توندوتیژ کرد. لەبەرئەوە پرۆلیتاریای ئەم وڵاتانە, ناتوانێت بەئەرکی خۆی هەستێت, ئیتر ئەو ئەرکە تەواکردنی ئاڵوگۆڕی بۆرژوا دیموکراتیکی ئەم وڵاتانە بێت, وەیان کۆمەککردنی شۆڕشی سۆسیالیستی وڵاتانی دیکە بێت, مەگەر بەوەی سەرسەختانە لە پێناوی مافی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا تێبکۆشێت. ئەرکی قورس و زۆر گرنگ لەم شێوە وڵاتانە, بریتییە لە لێکگرێدان و یەکپارچەکردنی خەباتی چینایەتی کرێکارانی نەتەوەی ستەمگەر, لەگەڵ خەباتی کرێکارانی نەتەوەی ستەملێکراو.

سێیەم, وڵاتانی نیمچەکۆڵۆنی, وەکوو چین, ئێران و تورکیا, وە هەموو وڵاتانی کۆڵۆنی, کە تێکرا ژمارەی دانیشتوانەکەی ئەگاتە 1000 ملیۆن کەس. هەتا ئێستاش بزووتنەوە بۆرژوا دیموکراتیکەکان, لە بەشێك لەم وڵاتانە, لە سەرەتای هەنگاوەکانیدایە, وە لە هەندێك بەشی تریاندا, هێشتا دوورە لەوەی بەسەرەنجامی

---

دیاریکردنی چارەنووس بکەن. ئەوانە بە بیانووگەلێکی هەڵەوە, داکۆکی لە سیاسەتی دروستی پرۆلیتاری ئەکەن, مەبەستمان ئینکاریکرنی ((داکۆکی لە نیشتیمان))ە لە جەنگی ئیمپریالیستیدا. بەڵام ئەم هەڵوێستە, لە باری تیۆرییەوە, ئەبێتە هۆی شێواندنی مارکسیزم, وە لەباری پراکتیکەوە, جۆرێکە لە ئاسۆ تەنگیی, کە تایبەتمەندی میللەتانی بچوکە, هەروەها لەبیرکردنی سەدان ملیۆن ڕۆڵەی ئەو میللەتانەیە, کە میللەتانی ((وڵاتە گەورەکان)) بە کۆیلەی کردوون. هاوڕێ گۆرتەر لە نامیلکە نایابەکەی, بە ناوی ((ئیمپریالیزم و جەنگ و سۆسیال دیموکراتەکان)), بەهەڵەدا چووە, لە کاتێکدا کە ئینکاریی لە پرانسیپی ئازادی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ئەکات, بەڵام ئەم پرانسیپە بەدروستی پیادە ئەکات لەوکاتەیدا کە داوا دەکات, دەسبەجێ هیندی هۆڵەندی ((سەربەخۆیی سیاسیی نیشتیمانیی)) پێ بدرێ, وە پەردە لەسەر ڕووی هەلپەرستە هۆڵەندییەکان لائەدات, کە خستنە ڕووی ئەو خواستە و خەبات لە پێناویدا ڕەتئەکەنەوە.



خۆی بگات. بۆیە ئەرکی سەرشانی سۆسیالیستەکانە کە نەك هەر داوای دەسبەجێ و بێقەیدوشەرتی ڕزگاربوونی کۆڵۆنەکان بکەن_ ئەم خواستەش بە مانا سیاسییەکەی, جگە لە داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس, هیچی تر ناگەیەنێ_بەڵکوو ئەبێ بەوپەڕی تواناوە, پشتیوانی لە شۆڕشگێڕترین بەشی نێو بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی بۆرژوا دیموکراتیکی ئەم وڵاتانە بکەن, وە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشەکانیان_ وە بۆ بەرپاکردنی جەنگی شۆڕشگێڕانەیان, لە کاتی پێویستدا_ لە دژی ئەو وڵاتە ئیمپریالیستانەی ئەیانچەوسێننەوە, کۆمەکیان بکەن.

## 7_ سۆسیال_ شۆڤێنیزم و مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا

قۆناغی ئیمپریالیزم, وە بەتایبەت جەنگی 1914_ 1916 هاتەپێشەوە, کە خەبات لە دژی شۆڤێنیزم و گراییشی دەمارگیری نەتەوەیی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان وەك ئەرکێك مەترەح کرد. ئەوەندەی کە بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا پەیوەستە, لە نێو سۆسیال_ شۆڤێنییەکاندا دوو ڕەوتی سەرەکی هاتنەکایەوە, ئەویش ئۆپۆرتیۆنیستەکان و کاوتسکییەکانە, کە ڕوخساری جەنگی ئیمپریالیستانە و کۆنەپەرستانە جوان ئەنوێنن و بە دروشمی ((داکۆکی لە نیشتیمان)) ئەیرازێننەوە.

لەلایەکەوە ئەبینین کەسانێك بۆ خزمەتکردن بە بۆرژوازی ڕووی خۆیان بەباشی ئاشکرا کرد و بەبیانووی ئەوەی کە ئیمپریالیزم و تەمەرکوزی سیاسی دوو مەسەلەی پێشکەوتوخوازین, دێن داکۆکی لە کاری لکاندنی وڵاتان ئەکەن, هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئەڵێن ئەوە یۆتۆپیا و خەیاڵی وردەبۆرژوازییە..هتد. دێن ئینکاریی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەکەن, نۆکەرانێکی وەك کۆنۆف و بارفۆس, هەڵسوڕاوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئۆپۆرتیۆنیستەکان لە ئەڵمانیا, وە بەشێك لە فابییەکان[10] و ڕابەرانی تریدیۆنیۆنەکان لە ئینگلتەرە, ئۆپۆرتیۆنیستەکان لە ڕوسیا: سیمکۆفیسکی, لیبمن, یورکیفیتش و هاوشێوەکانیان لە پاڵ ئەمەدان.

وە لەلایەکی ترەوە کاوتسکییەکان ئەبینین. کە فاندەرفاڵدە و ڕینۆدیل, وە زۆرێك لە پاسیفیستەکانی ئینگلتەرە و فەرەنساش,...هتد. لەگەڵیاندان. ئەندامانی ئەم دەستەیە, لایەنگری یەکگرتنن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی یەکەم, بەڵکوو لەباری عەمەلییەوە, بەتەواوی لە پاڵ ئەواندان, لەکاتێکدا ئەبینین ئەوانە, داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس ناکەن, مەگەر تەنها بەدەم, وە بە شێوەیەکی دووڕوانە: ئەوانە پێیان وایە, خواستی ئازادی جیابوونەوەی سیاسی ((زیادەڕەوییە))_ ( ((zu viel verlangt)), هەروەکوو کاوتسکی لە گۆڤاری ((نۆیە تزایت)) ((Neue Zeit)), لە بەرواری 21 ئایاری 1915)دا ئەیڵێ )_ ئەوانە داکۆکی لە ئەرکێك ناکەن کە پێویستە سۆسیالیستەکانی میللەتانی سەرکوتگەری چەوسێنەر ئەبێ پێی هەستن, ئەویش گرتنەبەری تاکتیکی شۆڕشگێڕانەیە, بەڵکوو بە پێچەوانەوە, شانی خۆیان لە ئەرکە شۆڕشگێڕانەکانیان خاڵی ئەکەنەوە, هەلپەرستی خۆیان پاساوئەدەن و فریوکارییەکانیان بۆ خەڵك سوکئەکەنەوە, وە ڕێك لە مەسەلەیەك خۆ ئەدزنەوە کە ئەویش مەسەلەی سنووری وڵاتە, کە بۆ هێشتنەوەی میللەتانێك لەو وڵاتەدا, کە بەهرەمەند نین لە تەواوی مافەکانیان, پەنا بۆ زەبروزەنگ ئەبردرێ,...هتد.

ئەندامانی ئەم دوو دەستەیە وەکوو یەك ئۆپۆرتیۆنیستن, ئەمانە مارکسیزمیان شێواند, دوای ئەوەی هەموو توانایییەکیان لەدەستدا بۆ تێگەییشتن لە تاکتیکی مارکس, کە لە نموونەی ئیرلەندەدا ڕۆشنی کردۆتەوە, وە تیایدا گرنگی تیۆری و هەنگاوە عەمەلییە دەسبەجێکان باسکراوە.

بەڵام هەرچی مەسەلەی لکاندنی وڵاتانە, بەهۆی جەنگەوە, بووە بە مەسەلەی ڕۆژ و خۆی دەرخستووە. بەڵام لکاندن, یانی چی؟ ئەوە شتێکی ئاسانە مرۆڤ بڕوابکات



بەوەی کە, دژایەتیکردنی لکاندن یانی: یان, داننان بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا, وەیان, ئەو دژایەتیکردنە لەسەر پایەی درووشمێکی ئاشتیخوازانە بنیاتنراوە, کە داکۆکی لە status quo (ستاتو کو_ هەلومەرجی ئێستا. وەرگێڕی عەرەبی) ئەکات, وە لە دژی گشت زەبروزەنگێك ئەوەستێتەوە, تەنانەت زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەش.

دروشمێکی لەم جۆرە, هەر لە بنچینەوە هەڵەیە و لەگەڵ مارکسیزمدا یەکناگرێتەوە.

## 8_ ئەرکە کۆنکرێتەکانی پرۆلیتاریا, لە ئایندەیەکی نزیکدا

لەوانەیە شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئاییندەیەکی زۆر نزیکدا هەڵگیرسێت. لەم حاڵەتەدا, پرۆلیتاریا ڕووبەڕووی ئەم ئەرکە دەسبەجێیانە ئەبێتەوە: دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و بانکەکان, وە ئەنجامدانی ڕێوشوێن و هەنگاوی دیکتاتۆرییانەی لەو چەشنە. لەوکاتەدا بۆرژوازی توانای خۆی ئەخاتەگەڕ_ بەتایبەت ڕۆشنبیران, لە جۆری فابییەکان و کاوتسکییەکان_ تاوەکوو شۆڕش پارچەپارچە بکەن و کۆسپ بخەنە سەر ڕێگای, بەوەی ئامانجی بەرتەسك و دیموکراتیی بسەپێنن بەسەریدا. ئەگەر بێت و تەواوی خواستە دیموکراتیکەکان, بەمانایەك, بشێن کۆسپی بەردەم شۆڕش پێکبهێنن, تاوەکوو پرۆلیتاریا هێرشی خۆی بۆسەر بناغەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی دەسپێبکات, ئەوا پێویستیی ڕاگەیاندن و بەجێگەیاندنی ڕزگاریی گشت گەلانی چەوساوە (یانی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا), ئەبێتە مەسەلەیەکی گرنگی وا لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا, کە پێداگریی لەسەربکرێ, گرنگییەکەی لەچەشنی ئەو گرنگییەیە کە بۆ بەسەرکەوتنگەیاندنی شۆڕشی بۆرژوا دیموکراتیکی ئەڵمانیا لە ساڵی 1848, وەیان ڕوسیا لە ساڵی 1905دا هەیبوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەلاّم لەگەلْ ئەوەشدا ئەشێ, پێنج سالْ وەیان دە وەیان زیاتر تێبپەڕێت, پێش ئەوەی شۆڕشی سۆسیالیستی دەسپێبکات. لەو ماوەیەدا, ئەبێ جەماوەر بەگیانی شۆڕشەوە گۆش بکرێت, بەجۆرێك کە مەحالْ بێت, شۆڤێنیستان و ئۆپۆرتیۆنیستانی سۆسیالیست بتوانن خۆیان بدەنە پالْ حیزبی کرێکار, هەروەها وا بکات کە مەحالْ بێت سەربکەوون, سەرکەوتنێك لە چەشنی ئەوەی لە سالْی 1914_ 1916 بەدەستیان هێنا. ئەرکی سۆسیالیستەکانە دیسان ئەوە ڕوونکەنەوە, کاتێك کە سۆسیالیستەکانی ئینگلیز, ئەوانەی داوای ئازادیی جیابوونەوەی کۆلۆنەکان و ئیرلەندە ناکەن, وە سۆسیالیستەکانی ئەلْمان, ئەوانەی داوای ئازادیی جیابوونەوەی کۆلۆنەکان و ئەلزاسییەکان و دانیمارکییەکان و پۆلۆنییەکان ناکەن, وە دەستناکەن بە پروپاگەندەی شۆڕشگێڕانە و ڕاستەوخۆ و کاری جەماوەریی شۆڕشگێڕانە و ڕاستەوخۆ, لە دژی چەوسانەوەی میللی, وە ڕوداوی لەناکاوی وەك ڕوداوی سافێرن ناقۆزنەوە, بۆئەوەی پڕوپاگەندەیەکی نهێنی و زۆر فراوان لە نێو پرۆلیتاریای میللەتی بالاّدەست و چەوسێنەر دەستپێبکەن, وە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانی سەرجادە و کاری شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی, هەروەها کاتێك سۆسیالیستەکانی ڕوس, ئەوانەی داوای ئازادی جیابوونەوەی فینلەند و پۆلۆنیا و ئۆکرانیا ناکەن, ..هتد., هتد.,_ ئەو سۆسیالیستانە هەرهەموو ڕەفتارێکی شۆڤێنیانە ئەگرنەبەر و ملکەچانە خزمەتی ملْك و سامانی ئیمپریالیزم و بۆرژوا ئیمپریالیستەکان ئەکەن, کە خلْتانی خوێن و چلْپاوە.

## 9_ هەلْوێستی سۆسیال_دیموکراسی ڕوسی و پۆلۆنی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم لەبەرامبەر مافی دیاریکردنی چارەنووس

ناکۆکی نێوان سۆسیال_ دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی ڕوسیا و سۆسیال_ دیموکراتەکانی پۆلۆنیا لەسەر مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە سالْی



1903 ەوە سەریهەلْدا, ئەمەش لەو کۆنگرەیەی کە سەرباری نارەزایەتی سۆسیال_ دیموکراتەکانی پۆلۆنیا, بەرنامەی حیزبی کرێکاری سۆسیال_ دیموکراتیی لە ڕوسیا پەسەند کرا, کە بەندی نۆهەم, پەیوەست بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانداى تیا جیگیر کرا. ئیتر لەوکاتەوە, سۆسیال_ دیموکراتەکانی پۆلۆنیا, هەرگیز پێشنیارەکەی خۆیانیان سەبارەت بە لابردنی بەندی نۆهەمی بەرنامەی حیزبمان, وەیان گۆڕینی بە شتێکی تر, بەناوی حیزبەکەیانەوە, دووپات نەکردەوە.

لە ڕوسیادا, بەوپێیەی کە, بەلای کەمەوە لەسەدا 57ی دانیشتوان, یانی زیاتر لە 100 ملیۆن کەس, سەربە نەتەوە چەوساوە و ستەملێکراوەکانە, وە بەوپێیەی کە, ئەم نەتەوانە بەزۆری لەدەوروبەری ولاّتدا نیشتەجێن, وە بەوپێیەی کە, بەشێك لەم نەتەوانە ڕۆشنبیرییان زیاترە وەك لە ڕوس, وە بەوپێیەی کە, نیزامی سیاسی خاوەن مۆرکێکی دڕندانەی تایبەتە, کە پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاستە, وە بەپێیەی کە, شۆڕشی بۆرژوا دیموکراتیك بە ئەنجامی خۆی نەگەییشتووە, لە ڕوسیایەکی ئاوهادا, وەك دەرئەکەوێ, داننان بە مافی ئازادی جیابوونەوە, بۆ ئەو نەتەوانەی کە تزار ئەیانچەوسێنێتەوە, ئەرکێکی بێئەملاوئەولا و ئیلزامیی سەرشانی سۆسیال_ دیموکراتەکانە, کە ئەرکە دیموکراتی و سۆسیالیستییەکانیان بەسەریاندا دەیسەپێنێ. حیزبەکەمان, کە لە کانونی دووەمی (یەنایەر) 1912 دا, دووبارە دامەزرێنرایەوە و ڕێکخرایەوە, لەسالْی 1913دا بڕیارێکی[11] دەرکرد, تیایدا جەخت لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەکات و بەشێوەیەکی کۆنکرێت و ڕۆشن, هەر بەوشێوەیەی کە لەسەرەوە باسکراوە و شیی ئەکاتەوە. هەوسارپچڕاندنی شۆڤێنیزمی ڕوسی لە سالْی 1914_ 1916, چ لە ڕیزەکانی بۆرژوازی وەیان لە ڕیزی سۆسیال ئۆپۆرتیۆنیستەکاندا (ڕوبانوفیتش, بلیخانۆف و ((ناشە دیلو))[12], ..هتد.), وامان لێدەکات کە زۆر زیاتر جەخت لەسەر ئەم خواستە بکەینەوە, وە وامان لێبکات کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بڵێین, ئەوانەی ئینکاری لەم مافە ئەکەن, لەباری عەمەلییەوە لایەنگریی لە شۆڤێنیزمی ڕوسی و نیزامی تزاری ئەکەن. حیزبمان ڕایدەگەیەنێت, کە بێبەری و بێتاوانە لەو ئینکارییەی کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەکردرێ, وە بەهیچ جۆرێك بەرپرسیار نییە لێی.

دووا شێوەدارِشتنێك کە گوزارشت لە هەڵوێستی سۆسیال_ دیموکراتیکی پۆڵۆنی, سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی ئەکات (ڕاگەیاندنی سۆسیال_ دیموکراتیکی پۆڵۆنی, لە ئەنجومەنی گشتی زیمیرفالد[13]) ئەم بیرۆکانەی لەخۆ گرتووە:

ڕاگەیاندنەکە ئیدانەی حکومەتی ئەڵمانی و ئەو حکومەتانەی تر ئەکات کە دایاننـاوە ((ناوچە پۆڵۆنییەکان)) وەکوو بارمتەیەك بەکاربهێنن, لە سازشەکانی دهاتوویان و بۆ تەعویزوەرگرتن, ((کە سەرەنجام, گەلی پۆڵۆنی بێبەش ئەکات لەوەی کە بتوانێت, چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات)). ((سۆسیال_ دیموکراتیکی پۆڵۆنی, زۆر بەتوندی و بەئاشکرا, نارِەزایەتی قوڵی خۆی لەبەرامبەر دووبارە پارچەپارچەکردنی هەر بەشێکی وڵاتەکە دەرئەبرِێت))... پەردە لەسەر ڕووی ئەو سۆسیالیستانە هەڵئەماڵێ, کە پەیمانیان بە ئالی هوهتروللرن...داوە ((بەئەرکی رزگارکردنی گەلانی چەوساوە)), هەروەها بەوشێوەیە گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆی دەکات, کە تەنها, بە بەشداریکردن لەو خەباتەی کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی جیهانی, خەریکە دەستیپێبکات, ئەو خەباتەی لەپێناوی سۆسیالیزمدایە, ((کۆتوبەندی چەوسانەوەی میللی تێکدەشکێنێ, هەموو شێوە خۆسەپاندن و باڵادەستییەکی بێگانە لەنێو ئەبات, وە توانایی گەلی پۆڵۆنی بۆ گەشەی ئازاد و هەمەلایەنە دستەبەرئەکات, بەو پێناسەیەی کە ئەم گەلە, ئەندامێکی کۆمەڵەی گەلانە, بە مافی یەکسانەوە)). هەروەها ڕاگەیاندنەکە پێیوایە کە جەنگ تاوانێکە, برا برای تێدا ئەکوژێت, بەڵام ((بۆ پۆڵۆنییەکان)), ((دووجار تاوانە)) (بڵاوکراوەی



کۆمیتەی سۆسیالیستی جیهانی, ژمارەی دووەم, بەرواری 27/ 9/ 1915, لاپەڕەی 15, وەرگێڕانی ڕوسی, بەشی ((ئەنتەرناسیۆنالیزم و جەنگ)), لاپەڕەی 97).

ئەم بیرۆکانە لەناوەڕۆکدا, هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ مەسەلەی داننان بە مافی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا نییە, بەڵام دارِشتنە سیاسییەکەی ڕۆشن و ورد نییە, ئەم نارِۆشنییە بە جۆرێکە کە زیاترە لە زۆربەی ئەو نارِۆشنیانەی کە لە بەرنامە و بڕیارەکانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەمدا[14] بەدیئەکرێ. گشت هەوڵێك بۆ گوزارشتکردن لەم بیرۆکانە بە شێوەیەکی سیاسی ورد, وە دیاریکردنی توانایی جێبەجێبوونی لە سیستەمی سەرمایەداریدا, وەیان لە سیستەمی سۆسیالیستیدا, تەنها بەمانە, زۆر بەڕۆشنی ئەو هەڵەیە دەرئەکەوێت, کە سۆسیال_ دیموکراتە پۆڵۆنییەکان تێی کەوتوون, یانی هەڵەی, ئینکاریکردنی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا.

لە ساڵی 1896دا, کۆنگرەی جیهانیی سۆسیالیستی لە لەندەن بەسترا, لەوێدا بڕیارێك پەسەندکرا, کە تیایدا, دان بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ئەنێ. بەڵام پێویستە ئەو بڕیارە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بابەتانەی کە لە سەرەوە هاتووە کامڵ بکرێت, بە ڕێنوێنیگەلێك کە ئاماژە دەکات: یەکەم, بە پێویستی ئەم خواستە و پێداگری لەسەری, بەتایبەت لەژێر سایەی ئیمپریالیزمدا؛ دووەم, بە مۆرکی سیاسی و ناوەڕۆکی چینایەتی, ئەم دووشتە لە تەوای خواستە سیاسییە دیموکراتیکەکان, بەو خواستەشەوە کە ئاماژەمان پێی کرد, بەرچاو ئەکەوێ؛ سێهەم, بە پێویستی جیاوازیکردن لە نێوان ئەرکە کۆنکرێتەکانی بەردەم سۆسیال_ دیموکراتەکانی میللەتانی چەوسێنەر و باڵادەست, وە لە نێوان ئەرکە کۆنکرێتەکانی بەردەم سۆسیال_ دیموکراتەکانی میللەتانی چەوساوە و ستەملێکراو؛ چوارەم, بەو دانپێنانەی ئۆپۆرتیۆنیستەکان و کاوتسکییەکان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس, دانپێنانێکی پڕ لە دوودڵی, تەنها بە ڕوکەش, وە دواتر و بەمانا سیاسییەکەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرژەوەندخوازانە؛ پێنجەم, ڕێکهاتنەوەی فیعلی و لەگەڵیەکگونجانی شۆڤێنییەکان و سۆسیال_ دیموکراتەکان, بەتایبەتی لەنێو میللەتانی وڵاتە زۆر گەورەکان (ڕوس, ئەنگلۆ_ ئەمریکی, ئەڵمان, فەرەنسییەکان, ئیتالییەکان, ژاپۆنییەکان,...هتد.), ئەوانەی کە داکۆکی لە خواستی, ئازادی جیابوونەوەی کۆلۆنەکان و ئەو میللەتانەی کە میللەتەکە((یان)) ئەیانچەوسێنێتەوە, ناکەن؛ شەشەم, ئەبێ خەبات و تێکۆشانمان لە پێناوی ئەم خواستەدا, شانبەشانی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی تەواوی خواستە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی سیاسی, لە خزمەتی خەباتی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی, بۆ ڕوخاندنی حکومەتە بۆرژوازییەکان و بەئەنجامگەیاندنی سۆسیالیزمدابێت.

ئەگەربێتو تێڕوانینی هەندێك لە میللەتە بچوکەکان, بەتایبەت لە نێو ئەوانەدا سۆسیال_ دیموکراتە پۆلۆنییەکان, بدەینە پاڵ ئەنتەرناسیۆنالیزم, ئەوانەی کە خەباتیان لە دژی بۆرژوازی پۆلۆنی ((کە بە دروشمە میللییەکانیان, خۆڵ ئەکەنە چاوی خەڵکیی)) بەوەی گەیاندن کە بەهەڵە, ئینکاری لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بکەن, ئەوا لەباری تیۆرییەوە بەهەڵەدا چووینە, لەوحاڵەتەدا مارکسیزمان بە برۆدۆنیزم گۆڕیوەتەوە, لەباری پراکتیکیشەوە, بەبێئەوەی بمانەوێ, لایەنگریی لە شۆڤێنیزمی میللەتانی وڵاتە گەورەکان و ئۆپۆرتیۆنیستە زۆر ترسناکەکانیان ئەکەین.

دەستەی بەڕێوەبەری ((سۆسیال_ دیموکرات)),

زمانحاڵی ناوەندیی

حیزبی کرێکاری سۆسیال_ دیموکراتیی لە ڕوسیا



پەراوێز. لەو ژمارەیەی گۆڤاری ((نۆیە تزایت)) ( ((Neue Zeit)) ) کە لەم دواییە, لە 3ی ئازار(مارس)ی 1916 دا دەرچوو, کاوتسکی دەستی لێبووردەیی و تەبایی کریستیانئاسا بۆ ئوسترلیتز درێژئەکات, یانی بۆ نوێنەری پیسترین ڕەوتەکانی شۆڤێنیستیی ئەڵمانی, کە ئینکاریی لە ئازادیی جیابوونەوەی میللەتانی چەوساوە, لە پەیوەند بە نەمسای ئال هابسبورگەوە ئەکات, کەچی لەهەمان کاتدا و لە پەیوەند بە پۆلۆنیای ڕوسییەوە ئەچێتە ژێرباری و دانیپێدائەنێت, تاوەکوو بەمە خزمەتێکی سوك و زەبوونانە پێشکەش بە لهندنبورگ و غلیۆمی دووەم بکات. بەوشێوەیە وەك دەرئەکەوێ, زەحمەتە مرۆڤ هیوای ڕێگەیەکی تر بخوازێت, باشتر لەو ڕێگەیەی کە کاوتسکیزم خۆی, خۆی پێ ڕیسواکرد.

لەکانونیدووەم_شوبات

ساڵی 1916دا نووسراوە

بەرگی 27,

ل ل 252_ 266

*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## تێبینییەکان:

1. بیرۆکەی ((دراوی کرێکاری)) بیرۆکەیەکی یۆتۆپییە, لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم, لەلایەن ئوین و گرایی سۆسیال یۆتۆپی و کەسانی ترەوە لە ئینگلتەرە و برۆدۆن لە فەرەنسا پێشکەشکرا. لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە پێیانوایە کە, ئەکرێ لەگەڵ مانەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری, ئەو مەینەتییانەی کە پەیوەستە بە سەرمایەدارییەوە لەنێوبریێت, ئەویش بە گۆڕینی سیستەمی گۆڕینەوە (التبادل) و هەڵوەشانەوەی دراوی کانزایی. بۆنموونە, گرای پێشنیاری ئەوەی کرد کە, بانکێکی نیشتیمانیی دابمەزرێنرێ, بۆ لە چاپدان و دەرهێنانی ((دراوی کرێکاری)) (یانی کاغەزێك, کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لەو کاتی کارە بکات, کە لە کاڵادا بەرجەستە ئەبێتەوە), وەئیتر کاڵاکان بەگوێرەی بایی(قیمە)ەکەیان, بە ((دراوی کرێکاری)) و ((دراوی کرێکاری))یش بە کاڵاکان بگۆڕدرێنەوە.

خەوشی بنەڕەتی بیرۆکەی ((دراوی کرێکاری)) لەوەدابوو, هەوڵی ئەدا کە, بەشێوەیەکی بەرنامەرێژ, گۆڕینەوەی کاڵاکان, بەمانەوەی خاوەندێتی تایبەتی و پەشێوییەك کە لە بەرهەمهێنانەکەیدا هەیە, ڕێکبخات.

2. کێشەی دریفوس, دادگاییەك بوو, لە ساڵی 1894 نێوەندی سەربازیی کۆنەپەرستی پاشایەتی فەرەنسی, لە دژی ئەفسەرێکی یەهودی لە دەستەی ئەرکانی گشتی سوپای فەرەنسی بەناوی (دریفوس)ەوە سازکرا, کە تیایدا بەفێڵ و درۆ تاوانی سیخوڕیی و تاوانی مەزنیان خستەپاڵ, دادگای سەربازیی, زیندانیی هەتاهەتاییان بۆ دریفوس بڕییەوە. لە ساڵی 1899, دریفوس بە لێبوردن ئازادکرا, پاشان لە ساڵی 1906, بەهۆی داکۆکیکردنی کرێکاران و ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازەوە لێی, هەمان جێگاوڕاو ڕێزی پێشووی بۆ گەڕایەوە.

3. ڕووداوی سافێرن, ڕووداوێك بوو, بەهۆی سوکایەتیکردنی ئەفسەرێکی بروسی بە ئەلزاسییەکان, لە تشرینی دووەمی ساڵی 1913, لە شاری سافێرن (ئەلزاس) ڕوویدا.



ئەمەش بووە هۆی تەقینەوەی ڕق و بێزاری توندی خەڵك, کە بەزۆریی فەرەنسیی بوون, لە دژی جەوری دارودەستەی سەربازیی بروسی.

4. بڕوانە نامەی مارکس بۆ ئەنگڵس لە بەرواری 30ی تشرینی دووەمی ساڵی 1867.

5. بڕوانە تێبینی ژمارە 9. تێبینی ژمارە 9: سەربەخۆیی کولتووری نەتەوەیی_ بەرنامەیەکی ئۆپۆرتیۆنیستییە لە مەسەلەی نەتەوەییدا, لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوودا لە لایەن هەردوو سۆسیال_ دیموکراتیی نەمساوی باوێر و ڕینەرەوە پێشکەشکرا. پوختەی ئەم بەرنامەیە ئەڵێت: ئەندامانی یەك نەتەوە, کە لە وڵاتێکی دیاریکراودا ئەژین, بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ناوچەیەی تیایدا ئەژین, یەکێتییەکی نەتەوەیی سەربەخۆ پێکئەهێنن, کە دەوڵەت, کاروباری خوێندنگاکان (خوێندنگەی جیا بۆ منداڵانی هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکان) و هەر بەشێکی تری پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری, بەتەواوەتی ئەخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە. ئەگەر ئەم بەرنامەیە جێبەجێبێت, ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی نفوزی پیاوانی ئایینی و ئەقڵییەتی کۆنەپەرستیی نەتەوەیی لە نێو هەر گرووپێکی نەتەوەییدا, هەروەها ئەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ڕێکخستنی چینی کرێکار, لەئەنجامی قوڵکردنەوەی دابەشبوونی کرێکاران لەسەر بنەمای نەتەوەیی.

لینین زۆر بەتوندی دروشمی سەربەخۆیی کولتووری نەتەوەیی دایە بەر ڕەخنە (بڕوانە ئەم پەڕاوە, ل ل 6_7, 13_15). _ ل 5.

بڕوانە نووسراوەی لینین بەناوی ((چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی مەسەلەی میللی)), (ئەم پەڕاوە ل ل 13_ 62), بەشی ڕەخنە لە بیروباوەڕە کۆنەپەرستانەکانی ڕینەر و باوێر بەناوی ( سەربەخۆیی کولتووری نەتەوەیی). _ ل 164.

6. بڕوانە تێبینی ژمارە 67. تێبینی ژمارە 67: مارکس ((دەنگوباسی نهێنی)) و ئەنگڵس ((ئەدەبی تاراوگەیی, بەرگی یەکەم, ڕاگەیاندنی پۆڵۆنی))._ ل 156 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

7. بڕوانە نامەی مارکس بۆ ئەنگلس لە بەرواری 2ی تشرینی دووەمی ساڵی 1867_ ل 168.

8. ((Die Glocke)) ( ((دی گلۆکە))_ ((زەنگ)) ), گۆڤارێك بوو, لەلایەن سۆسیال_ شۆڤێنیست بارفوس (هلفاند), ئەندامی حیزبی سۆسیال_ دیموکراتی ئەڵمانی, سەرەتا لە میونیخ و پاشان لە بەرلین, لەساڵی 1915_1925 دەرئەهات._ ل 169.

9. بڕوانە ئەو وتارەی ئەنگلس بەناوی ((بزووتنەوەی دیموکراتیی سلاڤی)).
هەروەها لینین ئەم پەڕاوەشی بەکارهێناوە: “Aus dem literarischen Nachlass von Karl Marx, Friedrich Engels und Ferdinand Lassalle“ (hrsg. Von Franz Mehring, Stuttgart, 1902, Bd. 111).
لەم پەڕاوەدا ناوی وتارنووسەکە نەهاتووە. _ ل 169.

10. فابییەکان, ئەمانە ئەندامانی کۆمەڵەی فابین, کە ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی ئینگلیزییە, لە ساڵی 1884 دامەزراوە. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1900, ئەچنەناو حیزبی کرێکارەوە. _ 172.

11. مەبەستی لینین, بڕیاری پەیوەست بە مەسەلەی میللییە, کە خۆی نووسیویەتی و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ح. ك. س. د. ر. لەگەڵ کارگێڕانی حیزبیی, پەسەندی کردووە. ئەم کۆبوونەوەیە لە 23ی ئەیلول هەتا 1ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1913, لە بۆرۆنین ( لە شاری کراکوفیاوە دوور نییە) بەستراوە. _ ل 175.

12. ((ناشە دیلو)) ( ((مەسەلەکەمان)) ), بلاوکراوەیەکی مانگانەی مۆنشەویکە_ پاکسازەکانە, کە بلاوکراوەی سەرەکی سۆسیال_ شۆڤێنییەکانە لە ڕوسیا. لە کانونی دووەمی ساڵی 1915ەوە دەست بەدەرهێنانی کراوە, شەش ژمارەی لێ دەرچووە. _ ل 176.

13. لێرەدا مەبەست ئەنجومەنی گشتی سۆسیالیستی جیهانیی, کە لە 5_8ی ئەیلولی 1915 لە زیمیرفالد بەڕێوە چوو.



ئەنجومەنی گشتی, بەیاننامەیەکی پەسەند کرد, کە تیایدا ئیدانەی حکومەتە ئیمپریالییەکان ئەکات کە جەنگێکی جیهانییان پەرپاکردووە, وە ئیدانەی سۆسیال_ شۆڤێنییەکان ئەکات, ئەگەرچی بەگوێرەی پێویستیش توند نەبوو. لەسەربنچینەی ئەو بەیاننامەیە, یەکێتی زیمیرفالد دامەزرا.

لە نێو ئەو یەکێتییەدا, باڵی چەپی زیمیرفاڵدی بە ڕابەرایەتی لینین پێکهات, کە بە شێوەیەکی توند زۆربەی ئەنجومەنی گشتی دایە بەر ڕەخنە, کە هەڵوێستێکی مامناوەندییان وەرگرتبوو. _ ل 176.

14. ئەنتەرناسیۆنالی دووەم_ یەکێتی جیهانیی حیزبە سۆسیالیستەکانە, لە ساڵی 1889 دامەزرا, کاتێك کە جەنگی جیهانیی ئیمپریالی لە ساڵی (1914_ 1918) هەڵگیرسا, ڕابەرانی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم خیانەتیان لە مەسەلەی سۆسیالیزمدا کرد و چوونە پاڵ حکومەتە ئیمپریالییەکانیان, ئیتر ئەنتەرناسیۆنالی دووەم تێکشکا. هەرچی ئەو پارت و کۆمەڵە چەپانەی کە سەربە ئەنتەرناسیۆنالی دووەمیش بوو, چوونە نێو ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی (ئەنتەرناسیۆنالی سێهەم)یەوە, کە لە ساڵی1919 لە مۆسکۆ دامەزرا. لە کۆنگرەی بێرن, کە لە هەمان ساڵ, یانی لە ساڵی 1919 دا بەسترا, ئەنتەرناسیۆنالی دووەم زیندووکرایەوە و ئەو حیزبانەی کە نوێنەرایەتی باڵی ڕاستی ئۆپۆرتیۆنیستییان لە بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا ئەکرد, چوونە ناویەوە. _ ل 177.

*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ناساندنی ناوەکان:

- ئەنگلس فریدریك (1820-1895), یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمۆنیزمی زانستیی, ڕابەر و مامۆستای جیهانیی کرێکاران بوو, برادەری کارل مارکس و هاوڕێی فیکر و تێکۆشانی بوو.
- ئوسترلیتز فریدریك (1862-1931), یەکێکە لە ڕابەرانی حیزبی سۆسیال_ دیموکراتی نەمسایی, سەرنووسەری ڕۆژنامەی ((Zeitung Arbeiter)) ( ((ئەربایتەر تزایتونگ)) )ی زمانحاڵی حیزبەکە بووە. ئەندامی پەرلەمان بوو, لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم (914-1918)دا هەڵوێستێکی شۆڤێنی توندی هەبووە.
- بارفوس (هلفاند ئەلیسکەندەر لازاریفیتش) (1869- 1924), لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم, بەشداریی لە بزووتنەوەی سۆسیال_ دیموکراتیی ڕوسیا و ئەڵمانیادا کردووە. پاشان وازی لە سۆسیال_ دیموکراتیزم هێناوە. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم (1914_ 1918)دا, کەسێکی شۆڤێنی بووە. لە سەرەتای ساڵی 1915ەوە, گۆڤاری (( Die Glocke)) ((دی گلۆکە)) ((یانی: زەنگ))ی دەرئەهێنا, کە زمانحاڵی ((وەرگەڕان و سەرشۆڕی بۆگەن لە ئەڵمانیا)) بوو (لینین).
- باور ئوتو (1882-1938), یەکێکە لە ڕابەرانی سۆسیال_ دیموکراتی نەمسایی و ئەنتەرناسیۆنالی دووەم و ئایدیۆلۆژیستی ئەو ئاراستەیە بوو کە پێی ئەووترێ ((مارکسیزمی نەمسایی)) کە جۆرێکە لە ڕیفۆرمیزم. باور یەکێکە لە داهێنەرانی تیۆری ((سەربەخۆیی کولتووری نەتەوەیی) بۆرژوا ناسیۆنالیستی.
- برۆدۆن بییر جۆزیف (1809-1865), نووسەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی, ئابووریناس و زانای کۆمەڵناسیی فەرەنسی بوو, بیرمەندێکی وردەبۆرژوازی بوو, یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بیروباوەڕی ئۆپۆرتیۆنیستی. برۆدۆن خەونی بە



نەمرێتی خاوەندێتی تایبەتیی بچووکەوە ئەبینی و لە ڕوانگەی وردەبۆرژوازییەوە, ڕەخنەی لە خاوەندێتی سەرمایەداریی گەورە ئەگرت. برۆدۆن پێیوابوو کە دەوڵەت سەرچاوەی سەرەکی ناکۆکیی چینایەتییە, وە ((بۆلەناوبردنی دەوڵەت)) پرۆژەی خەیاڵیی ئەخستەڕوو, وە بانگەوازی بۆ وەستانەوە لە دژی خەباتی سیاسی ئەکرد.

هەروەها برۆدۆن خۆیی و لایەنگرانی, لە مەسەلەی میللیدا, هەڵوێستێکی زۆر نادروستیان گرتەبەر. برۆدۆنییەکان ئەیانگووت, کە ((نەتەوە)) و ((میللەت)), ((خەو و خەیاڵ و خرفبوونی پیرییە)), دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتیمانیی گەلانی ستەمدیدەیان ئەکرد.

- بلیخانۆف گۆرکی فالنتینوفیتش ((1856-1918)), یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕوسیا و لە جیهاندا, یەکەمین کەسە لە ڕوسیادا, کە بیروباوەڕی مارکسی بڵاوکردبێتەوە. لە دوای کۆنگرەی دووەمی حیزبی کرێکاری سۆسیال_ دیموکراتیی ڕوسی لە ساڵی 1903 بووە مۆنشەوی. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا, بلیخانۆف هەڵوێستی سۆسیال_ شۆڤێنییەکانی هەبوو. لەبەرامبەر شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەردا هەڵوێستێکی خراپی هەبوو, بەڵام نەچووە پاڵ ئەوانەی لەدژی دەسەڵاتی شورەوی وەستانەوە.
- ڕوبانۆفیتش ئیلیا ئەدۆلفوفیتش (1860-1920), یەکێکە لە ڕابەرانی حیزبی وردەبۆرژوازی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم (1914-1918) سۆسیال_ شۆڤێنیست بووە.
- ڕینەر کارل (1870- 1950), سیاسەتمەدارێکی نەمسایی و ڕابەر و تیۆریسینی سۆسیال_ دیموکراتە ڕاستڕەوە نەمساییەکان بوو. خاوەن تیۆری ((سەربەخۆیی کولتووری نەتەوەیی)) بۆرژوا ناسیۆنالیستە. لە ساڵی 1919 و 1920 ڕاوێژکار و لەماوەی نێوان ساڵی 1945 هەتا 1950 سەرۆکی نەمسا بووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- رینۆدیل بییر (1871- 1935)، سۆسیالیستێکی ڕاسترەوەی فەرەنسی بوو. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا (1914- 1918) سۆسیالیستێکی شۆڤێنی بوو.
- سیمکۆفیسکی (برۆنشتین سیمیون یولیییفیتش) (لە ساڵی 1882 لەدایکبووە)، سۆسیال_ دیموکراتێکی مۆنشەویك بوو. هاوکاریی ڕۆژنامەکانی مۆنشەویکە_ پاکسازەکان و بلاوکراوە سۆسیال_ دیموکراتە بێیانییەکانی کردووە.
- گاریباڵدی جۆزییە (1807- 1882)، پاڵەوانێکی نیشتیمانی ئیتالی بوو، یەکێکە لە گەورەترین ڕابەرانی دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕی ئیتالی، لە ساڵی 1848- 1867، سەرکردایەتی خەباتی گەلی ئیتالیای کرد، لە دژی داگیرکەرانی بێگانە و سیستەمی فیئۆدالی و حوکمی ڕەها و کۆنەپەرستی ئیکلیرکی، لە پێناوی یەکخستنی ئیتالیا.
- غلیۆمی دووهەم (1859- 1941)، ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و پاشای بروسیا لە ساڵی (1888- 1918)دا.
- غۆرتر غرمن (1864- 1927)، سۆسیال_ دیموکراتێکی چەپڕەوی هۆڵەندی بوو. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی (1914- 1918)دا، ئەنتەرناسیۆنالیست بوو، سەربە (باڵی چەپی زیمیرفاڵدی) بوو.
- فاندەرفلدە ئەمیل (1866-1938)، ڕابەری حیزبی کرێکار بوو لە بەلجیکا، سەرۆکی نووسینگەی سۆسیالیستی جیهانیی ئەنتەرناسیۆنالیستی دووهەم بوو.هەڵوێستێکی ئۆپۆرتیۆنیستانەی توندڕەوی هەبوو. لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووهەمدا سۆسیال_ شۆڤێنی بوو. لە حکومەتی بۆرژوازیدا بەشداریکرد. پلەی وەزارەتیی جۆراوجۆری وەرگرتووە.
- کاوتسکی کارل (91854- 1938)، یەکێکە لە ڕابەرانی سۆسیال_ دیموکراتەکانی ئەڵمانیا و ئەنتەرناسیۆنالی دووهەم، لەسەرەتادا مارکسی بوو،



بەلام دووایی هەڵگەڕایەوە لێی، ئایدیۆلۆژیستێکی ئۆپۆرتیۆنیستی زۆر ترسناك بووە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری، لەچاو چەپ و ڕاستی کۆمەڵدا ئەم کەسێکی مامناوەندی بووە.

- کۆنۆف هنریخ (1862- 1936)، سۆسیال_ دیموکراتێکی ئەڵمانیی ڕاسترەو بوو، مێژوونووس، زانای کۆمەڵناسی و ئەتنۆگرافی بوو. لەسەرەتادا چووەپاڵ مارکسییەکان، پاشان کەسێکی ڕیڤیژینیستی لێ دەرچوو. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم (1914- 1918)دا،تیۆریسینێکی سۆسیال_ ئیمپریالیست بوو.
- لیبمن (ناوی خوازراوی هرش بیساخ_ە) (لەساڵی 1882 لەدایکبووە)، بوندییەکی بەناوبانگ بوو، لەساڵی 1911دا کەسایەتییەکی کاریگەری نێو کۆمیتەی ناوەندیی بوندییەکان بوو، وە بە پاکسازەکانەوە پەیوەستبوو. لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم (1914-1918)دا،پشتیوانی لە سیاسەتی داگیرکردن کرد کە تزار گرتییەبەر.
- لینش پاول (1873- 1926)، سۆسیال_ دیموکراتێکی ئەڵمانی بوو. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم (1914- 1918)دا، سۆسیال_ شۆڤێنی بوو. لەساڵی 1922دا، لە حیزبی سۆسیال_ دیموکراتی دەرکرا.
- مارکس کارل (1818- 1883)، بونیاتنەری کۆمۆنیزمی زانستی بوو، بیرمەند و بلیمەت بوو، ڕابەر و مامۆستای جیهانی کرێکاران بوو.
- هندنبورگ پاول (1847- 1934)، سەرکردەیەکی سەربازیی و یەکێك بوو لە پیاوانی دەوڵەتی ئەڵمانی/ ژەنەراڵ_ فلدمارشاڵ. لەساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم (1914- 1918)، لەبەرەی ڕۆژهەلاتدا، فەرماندەی سوپای ئەڵمانی بوو، پاشان بووە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی.
- یورکیفیتیش ل. (ناوی خواستراوی لریبالکا ل. بوو) (1885- 1918)، ناسیۆنالیستێکی ئۆکرانی بوو، ئۆپۆرتیۆنیست بوو، داوای ئەوەی ئەکرد کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**کرێکارانی ئۆکرانیی لە حیزبێکی سۆسیال_ دیموکراسیی سەربەخۆ و تایبەت ڕێکبخرێن. لەساڵی 1913 و 1914دا, بەشداری چالاکانەی لە گۆڤاری ناسیۆنالیستی مۆنشەویکەکان سەربە لایەنی ((دزفین)) ( ((زەنگ)) )دا کرد.**

---

{ئەم باسەی (لینین), لە پەرتوکی (مەسەلەکانی سیاسەتی میللی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتێری)یەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی, کە لە یەکێتی شورەوی بە زمانی عەرەبی چاپکراوە و لە بلاوکراوەکانی (خانەی پێشکەوتن)ە لە مۆسکۆ.}

وەرگێڕانی/ سالار ڕەشید
**salarrasheed@yahoo.com**

2004 /8 /1



# الثورة الاشتراكية وحقق الامم في تقرير مصيرها

لينين

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com